# کاروانی ئاشتی، بیرەوەری روداوێکی ژیانی پێشمەرگایەتی، عەوڵا ئیبراهیمی

١١/٤ /١٩٨٤، ڕۆژێکی ساوو خۆشی پایزی کوردستان بوو. ئاسمان هێندە بێگەرد بوو کە تەنانەت تۆزێکی زۆر کەمڕەنگیشی نەنیشتبووەسەر. من ئەوکاتە، بەرپرسی کۆمیتەی شارستانی نەغەدە بووم. پاش دامەزراندنی بنکەیەکی کاتی بۆ کۆمیتەکەمان لەگوندی بۆلێی دۆڵی شەهیدان لەبناری قەندیل، لەگەڵ ١٤پێشمەرگەی هێزی ئەفشین، بڕیارماندا بچینەوە لای هێزەکەمان لەناوچەکانی ژێردەستەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا. هەموو ئامادەکاریی پێویستمان بۆ سەفەرەکەمان کردبوو. هەڵوایەکی زۆر، خورما، چەند قوتوو کاڵباسو هێندێک کاکڵەگوێزو نانو پەنیرو... تێشووی ڕێگامان بوو. ئەسپێکی شیّمان پێبوو. بۆ ویش کاوجۆی پێویستمان بۆ یەکدوو ڕۆژ ئامادەکردبوو. بەیانی زوو چەکوڕەختمان لەخۆبەستو ئەسپەکەمان بارکردو پاش ماڵاوایی لەپێشمەرگەکانی بنکە، بەرەو ڕەزگەو مارەدوێ وەڕێکەوتین. ئێمە هیچمان ئەزموونی باشمان نەبوو بۆ بارکردنی یەکسم، هەر بۆیەش چەندجاران بارەکەمان کەوتو بەهەزار کێشە لێمان ناوە. ئێوارێ درەنگ گەیشتینە مارەدۆ. کاروانێکی قاچاخچی‌یان لەوێ باری خستبوو. ئەوانیش وەک ئێمە دەبوو خۆ لەچاوی پاسدارانی ئێران بشارنەوە. ئەوانیش دەبوو وەک ئێمە ئەوهەموو ڕێیە پرمەترسییەیە ببڕن، ساڵ نەبوو چەند کەسێک لەو کڵۆڵانە تووشی بۆسەی جاشو پاسدار نەبنو نەکوژرێن. ئێمەو ئەوان هەرکاممان بەهۆی سروشتی کارەکەمان، هاوڕێیەکی باش بووین بۆیەکتری. هەر ئەو سروشتە تایبەتەش لەو سەفەرەدا دەیکردینە هاو چارەنووس. هەردولا، گیانمان لەسەرلەپی دەستمان بوو. ئێمە بەدوای وەدەستهێنانی مافی بەئازادی ژیان بۆ گەلەکەمانو ئەوان بەدوای پاروەنانێکدا بۆماڵومنداڵیان. دڵمان پیّخۆشبوو کە ئەو جار کەسانێک ڕێنوێنمانن، کە شارەزای هەموو پەناوپەسیوی ڕێگاکەن. ئێمە دەبوو بەئاڵیەمەراندا بڕۆینو لەوێڕا بچینەوە سەر ڕووباری کەڵوێو بپەڕینەوە شاخەکانی ئەوبەری. ئەوبەشەی ڕێگاکە، شوێنێک بوو کە هیچکام لەئێمە پێشتر پێیدا نەچووبووین، هەربۆیەش بوو کە بە هاوڕێیەتیی ئەو پۆلە قاچاخچی‌یە شاگەشکە بووین. بەڵام لەوبەری چۆمی کارمان پیّیان نەدەماو بەهەموو کونوکەلێنەکانمان دەزانی .

١١/٥ /١٩٨٤، بەیانی‌زوو هەستاین تا خۆمان بۆ ڕێگاپڕێنێکی دژوار ئامادەکەین. ئەسپەکەمان شەوێ بەرەڵڵا ببوو. چەندپێشمەرگەیەکم بۆ گرتنەوەی ناردن. تا گرتیانەوە زۆر درەنگ بوو. قاچاخجی‌یەکان کە پێش ئێمە وەخۆکەوتبوون، لەسەرمان ڕانەوەستان. کوتیان ئێمە ناتوانین زۆر ڕاوەستین. ئاماژەیان بەبستوویەک کرد، دوور لە مارەدوێ دیاربوو. کوتیان هۆوە سوێسنیّوئاڵیەڕەشە. کانییەک لەسەر باسکەکە، لەقەراغ ڕێگایە، لەوەی پشوویەک دەدەینو نانێک دەخۆین. ئێوەش دەمان گەنیّ. پاشان لەسەر ڕێگاکە هێندێک ڕێنوێنی‌یان داینیّو ماڵاواییان کردو بەجیّیانهێشتین. ئەوڕۆش وەک ڕۆژی پێشوو ئاسمانێکی شینی بێگەرد لەسەرسەرمان بوو. بارمان لێناو وەڕێکەوتین. لەڕێیە چەندجارێک باری وڵاخەکەمان خواربوو و بەلاداهاتو ڕاستمان کردەوەو ئەوە کاتێکی بەرچاوی لیّکوشتین. چێشتانیّ وەباسکەکە هەڵگەڕاین. کاتژمێر ١٢ی نیوەڕۆیە گەیشتینە سەرەتای دارستان لە نێوقەدی بستووەکە. هەورێکی خەست لەسەرسەرمان پەیدابوو. ترووکەترووکەی بەفر دەستی کرد بەهاتنەخوار. دەنگەکانی وەک تووکی سپیی سەر گوڵی هێندێک ڕووەکی کوێستان دەچوون کە بەدەم بایەکی سووکەوە لەفڕینو بڵاوبوونەوەدا بوون. ئێمە زۆرمان گرنگی پیّنەدا، چونکە ساڵان نەماندیبوو بەفر ئەوەدەمانە دەست بەبارین بکا. کاتژمێر دەوری یەکونیوی دوای نیوەڕۆبوو کە گەیشتینە سەر کانیەکە. هەوا کەمێک ساردی کردبوو. تروکەی سووکو پووش ئاسای بەفر وردەوردە دەهاتەخوار، بەڵام ئەوەندە نەبوو کە زەوی بگرێ. کاروانەکە ڕۆیشتبوو. دانیشتین، هێندێک هەڵواو کالباسمان خواردو ئاوێکمان خواردەوە. لووتکەی چەکوچ، کە بنکەی پاسدارانی لێبوو، لەبەر چاومان بوو. هەستاینو بەرەو دۆڵی کۆگێ شۆڕبووینەوە. بەفر وردەوردە توندی کرد، تاگەیشتینە سەر چۆمی بنی دۆڵەکەو پەڕینەوە، بەفر تاگوێزینگانی داگرتین. بایەکی توند هەڵی‌کردو کردی بەکڕێوەو باسریشک. کەمێکی دیکەش ڕویشتین، بارینی بەفرو هاتنی بایەکە ئەوەندە خێرایی بەخۆیەوەگرت، کە جیّ پێی ئەوەی پێش خۆمانمان لیّ وندەبوو. تازە گەڕانەوەشمان بەبەرژەوەندی خۆمان نەدەزانی، چونکە لەبەر کڕێوە سەرمان لیّدەشێواو دەترساین ڕێ هەتلەکەین. بەهیوای خۆشکردنی هەوا بەدۆڵەکەدا هەڵکشاین. ئەودۆڵە بەهەورازێکی توند، تەواودەبوو، کە دەیبردینەوە سەر باسکێک ڕاست لەسەر سنووری دەستکردی‌کوردستان لەنێوان ئێرانوعێراقدا. ئەسپەکەمان ڕێگای لەبەفرەکەش دا باش‌دەبڕی، توورەکەی‌کاوجۆشمان دەسەری‌کردبوو، تا هێزی لیّنەبڕیّو سەرماشی‌نەبیّ، بەڵام پێشمەرگەکان وردەوردە خەرێک‌بوو بەهۆی کڕێوەی توندو بڕینی بەفری تا ئەژنۆیانو هەورازی ڕێگا، بڕستیان لیّدەبڕا. لە نێوقەدی هەورازەکەدا خالید قارەمانی لەپێ پەڕی، سواری ئەسپەکەمان کرد. بەحاڵ خۆی ڕادەگرت. کاتژمێر ٦ی ئێوارێ گەیشتینە میلەی نیشانەی سنوور لەسەر باسکەکە. هێچ نیشانەیەک لە ڕێگا دیارنەبوو. ڕوومان دەدەشتی وەزنیّ بوو. با لەپشت سەرمان ڕادەهات. دەرفەتێکی لەبار بوو بۆ ئەوەی بارودۆخەکەی خۆمانی تێدا هەڵسەنگێنین. لەسەرەخۆبوونەوەی بارینی بەفرو لای هاتنی بایەکە، دەرفەتی چاوەدێریی ناوچەی پێش‌چاومانی بەدووربین پێدابووین. لەدەستی ڕاستمان، دۆڵێک بەرەودەشتی وەزنیّ دەچووەخوار. لەزارکی ئەودۆڵەدا کەلاکە ماشێنێک کەوتبوو. ئەوکەلاکە ئی سەرەتاکانی شەڕی پێشمەرگەو میری بوو. لووتکەی سەر چەکوچ، کەدەیڕوانیە سەر دۆڵەتوو و تاکلکەی دەربەندیشی لێڕادیاربوو، کەوتبووە پشت شانی ڕاستمان، بەڵام تەواوێک لێمان دوور و تاڕادەیەک نەدیویش بوو. بەلای دەستی چەپماندا باسکێک بەرەو

کۆتایی دۆڵی وەزنێ دەڕۆیشت. وەک بیستبوومان، ڕێگای قاچاخچییەکان بەبەرقەدی ئەو باسکەدا دەڕۆیشت، بەڵام لەبەر ئەو بەفرە قورسەی کەوتبووە سەری دیارنەبوو و خەریک بوو تاریکیش دادەهاتو سەرەدەرمان بۆ هیچکوێ دەر نەدەکرد. ئەوباسکەی بەتەنیشت ڕاستماندا بەرەو دەشتی وەزنێ دادەبەزی، بەلای چەپیدا دەیڕوانیە سەر تۆپخانەی قورسی ئێران لەدەشتی وەزنێ. دیدەوانانی ئەو تۆپخانەیە لەسەر قوتکەی چەکوچی دامەزرابوونو لەوێڕا لەکاتی پێویستدا دەیانتوانی خاکی کوردستانی باشووری لەناچەی ڕانیەو قەڵادزێ پێتۆپباران بکەن. لەوبەری دەشتی وەزنێش، گوندی کونەمشکێمان دەدیت، کە کەوتبووە داوێنی زنجیرە تەپۆڵکەیەک. بنکەیەکی گەورەی پاسدارانی ئێران لەپشتی ئەوگوندە لەسەر تەپۆڵکەکان بوو. دووکەڵی ئاگری نێوماڵەکانی کونەمشکێ، لەوسەرماسەختەو لەولێقەوماوییەدا، کەڵکەڵەی لادانە گوندەکەو خۆگەرمکردنەوەو حەسانەوەیەکی تێروتەسەلی دەخستە دڵی ئێمەی لەسەرمان کەسیرەبوو، بەڵام کێشەکە ئەوەبوو، کە نەماندەزانی کێ‌لەگوندەکەدایە. جلکەکانمان بەوهەمووبەفرەی پێمانداباریبوو، تەواو خووسابوونو بەسەرمای سەرباسکەکەش، ڕچابوون. لەوکاتەدا لەگەڵ پارتی دێمۆکڕاتی کوردستانیشدا لەشەڕێکی براکوژیدا بووین. دەمانزانی بنکەیەکی گەورەی پێشمەرگەی ئەو حیزبە لەکونەمشکێیە. کەوابوو نەماندەتونی بچینە گوندەکە. هەمووومان بێتوانا بباوینو نەماندەتوانی بەرگەی تووشبوونی شەڕێکی کوتوپڕ بگرین. تەنیا ڕێگای بەردەممان ئەوەبوو کە بەدۆڵی ماشێنەسووتاوەکەدا بچینەخوارێ. تا تاریک داهات، گەیشتینە بنی‌دۆڵەکە. ئەودۆڵە پڕبوو لە بنچکە تیروێ. تیروێ دەوەنێکی جەنگەڵیێیە لەوێنەی بی‌چۆم. بەرێکی سووری وردی هەیە کە ناخورێ. دارچکەکەی زۆر چەورەو بەتەڕیش بەسێنەیی ئاگردەگرێ. خێرا پڕێکی زۆرمان لکی تیروێ کۆ کردەوەو بە یاریدەی هێندێک بەڵگەنامەی حیزبی کە لەکیفەکەی مندا بەوشکی مابوونەوە، ئاگرێکمان کردەوە. لەقەراغ ئاگرەکە، نایلۆنێکمان ڕاخستو جێگایەکمان بۆ خالید لەسەرسازکرد. تادەهات زیاتر باری جەستەییمان تێکدەچوو. وردەوردەپڕستمان لێدەبڕا. کڕێوە هەر بەتوندی بەردەوامبوو. ئەو خالیدەی هەرگیز چاوی لەگوللە نەترسابوو، ئەوخالیدەی کە هەمیشە لەڕێزی یەکەمی هێرش بۆ سەر دوژمنانی کوردوکوردستاندابوو، ئێستا بێهێزو داماو لەژێر کڕیوەدا لەپێ‌کەوتبوو و چرای ژیانی لەبەرچاوی هاوسەنگەرانی تادەهات کزتردەبوو. ئێمەش هیچکاممان هێزێکی ئەوتۆمان تێدا نەمابوو. تا کاتژمێر ١٢ی نیوەشەو بەنۆرە تیروێمان دێناو ئاگرەکەمان گەش ڕادەگرت. دەمانزانی بەکوژانەوەی ئەو ئاگرە، چرای ژیانی ئێمەش دەکوژێتەوە. دەبوو تا سیوادی بەیانی هەرچۆنێک بێ خۆ ڕاگرین. بڕیارمان دابوو بەداهاتنی سەرەتای ڕۆژ، لە کلکەی پشتی تۆپخانە تێپەڕینو پێش ئەوەی کڕێوەکە کزبێتەوەو دوژمن بتوانێ بمان‌بینێ، بەرەو سەر چاوەی دۆڵی دەشتی وەزنێ وەڕێکەوین، تابەڵکوو لەوێڕا بگەینە هەوارگەکانی پشتی ئاڵیەمەرانو ڕێگایەک بۆ خۆپاراستن لەدوژمنو چارەیەک بۆخۆمان بدۆزینەوە. دوای١٢ی شەوێ ئیدی خەرێک بوو بەتەواوی لەپێ بکەوین. پێشمەرگەکان توانای کۆکردنەوەی تیروێشیان دەخۆدا نەدەدیت، ئەمن باری جەستەییم لەزۆرانیان خراپتر بوو، بەڵام بەهۆی بەرپرسیاریەتیەکەم، دەبوو زیاتر دەخۆنووسێم. خۆم بەقوربان دەکردن، لەبەریان دەپاڕامەوە، هانم دەدانو چەندجارانیش بەتەنێ بۆ کۆکردنەوەی تیروێ چوومو نەمهێشت ئاورەکە بکوژێتەوە. پێشمەرگەکان کە دەخۆیان ڕانەدەدیت چیدی بجوڵێنەوە، کەدەیاندیت بەتەنێ بۆکۆکردنەوەی سووتەمەنی دەچمو نایەڵم ئاورەکە بکوژێتەوە جارجار غیرەتیان دەدا بەرخۆو دەچوون هێندێک ئاوردوویان دێنا .

١٩٨٤/١١/٦، بە کوێرەوەری‌و سەگەمەرگی هەرچۆنێک‌بێ خۆمان تا دەوری شەشی‌بەیانی ڕاگرت، جا هەستاینو خۆمان کۆکردەوە. مانەوەمان لەوشوێنە چیدی نەدەگونجا. هەر تائەوکاتەش زۆر بەخت یاوەرمان‌بوو کە دوژمن پێی‌نەزانیبووین. خالیدمان سواری ئەسپەکە کردو وەڕێکەوتین. هەوابەتەواوی ڕووناکی کردبوو، کەگەیشتینە سەر تەپۆڵکەیەکی بچووک لە ڕووبەڕووی کونەمشکێ. تارمایی گوندەکە لەئێمەڕا دیاربوو. بەهۆی کڕێوەکەوە وادیاربوو کەس لەشوێنی حەسانەوەی خۆی وەدەرنەدەکەوت. هەموودنیا دەتکوت چۆلەو هیچ جووڵەوەرێک لەهیچکوێ نەدەهاتەبەرچاو. تەنیا جووڵەوەری ناوچەکە ئێمەبووینو بای بەهاژەهاژو بەفری بەدەمیەوە. بێگومان ئەگەر کەسێکیش بەدەرەوە با نەیدەتوانی لەبەر کڕێوە بمانبینێ. پڕێک بەرەو بناری شاخو بۆلای سەرەوەی دۆڵەکە هەڵکشاین، تا لەدێ نەدیوبووین. جۆگەلەئاوێک بەئەسپایی ڕێگای‌خۆی‌دەبڕی‌و نەدەربەستی سەرماو کڕێوەبوو و نەئەو ڕێ‌ونکردووە سەرگەردانەی دەدیتن، کە بەتەنیشتیدا تێدەپەڕین. ئەو سەرگەرمی کاری سروشتیی خۆی بوو و ئەوجموجۆڵەنامۆیەشی بۆ گرنگ‌نەبوو کە لەوکاتە بێجێیەدالەکەناری لەگۆڕیدابوو. بڕیارمان‌دا بەرەوکۆتایی دەشتو سەرباسکەکانی سنووری هەڵکشێینو تادەتوانین، پێش خۆشکردنی‌هەوا خۆ لە مەترسیی دوژمن دوورخەینەوەو بگەینە جێ‌هەوارەکانی سەرەوەی‌وێندەرێ، بەوهیوایەی بتوانین ئاوردوویەک بدۆزینەوە ئاورێک‌بکەینەوە بتوانین پشوویەک‌بدەینو بیرێک لەحاڵی‌خۆمان بکەینەوەو چارەیەک بدۆزینەوەو هەرنەبێ بەزەلیلی نەکەوینەبەردەستی دوژمن .

پاش ڕێ‌پڕینێکی‌زۆر، لەکاتێکدا کە پێمان وابوو ئیدی لەمەترسیی دوژمن تاڕادەیەک دوورکەوتووینەوە، تووشی شوێنەواری پڕبوەوەی چەند جێ‌پێ‌یەک بووین، کەبەحاڵ لەنێو بەفرەکەدا دیاربوون. تەزوویەکی خۆشی‌و هیوا بەدڵماندا خوشی. هیوای ئەوەی لەوانەیە چەند ڕێبوارێک ببینینەوەو ڕێنوێنی‌یان لێ بخوازین، لەناخماندا جێگیربوو. چاومان بەدەورو بەری خۆماندا گێڕا، بەڵام بەسەرسامی‌یەوە، هەرزوو لەنیشانەکانی دەوروبەڕرا، تتێگەیشین

ئەوانە هەر شوێن پێی خۆمانو هاتووینەوە ئەو شوێنەی دەوری کاتژمێرو نیوێک پێشتر بەجێمان هێشتبوو. بیرم کردەوە"باشە خۆ ئێمە بەرەو هەوراز هەڵکشاین، ئەدی چۆن ئاوا داپەڕیوینەتەوە خوارێ؟" زۆرمان بیرکردەوە بەدەوری خۆماندا ڕوانی، تا بزانین هەوراز کوێیەو نشێو کامەیە. ئەوجار ئاراستەیەکی دیکەمان گرتو زۆرمان حەولدا هەڵەی پێشوو دووپات‌نەکەینەوە، زۆر وریابووین کە دامێنەودامێنی باسکە شاخەکەی تەنیشت خۆمان بگرین، تا تووشی تۆپخانەی دوژمن نەبین، بەڵام دیسان هەر هاتینەوە شوێنی خۆمان.  بەتەواوی گێژو داماو بووین. ئەوجار کوتمان با جۆگەکە بکەینە ڕێنوێنو بۆلای سەرچاوەی بڕۆینو ئاوا لەدەشتاییەکە دوورکەوینەوە. چاومان لەئاوی جۆگەکە کرد، کە بەوردەشەپۆلی پێکهاتوولەبا، داپۆشرابوو. ئاراستەی ئاوی جۆگەکەمان بەچاو بۆدیاری نەکرا، چونکە با دەرفەتی پی‌نەدەداین. ئەوجار بیرم کردەوە بە چەندپەڕەکایەک ئاراستەی ئاوەکە تاقی‌کەینەوە. دووسێ پەڕەکامان دەئاوەکە خستنو بەوردی سەرنجمان‌دا ڕەوتەکەی. لەکۆنەوە کوتراوە ئاوو ئاوەدانی. ئەوجار بەهیوای گەیشتن بەئاوەدانی‌یەک، کە بێگومان دەبێ لەسەر ڕێگای ئەو جۆگەبێ، ویستمان بۆلای خوارێ داکشێین. دەمانزانی ئەوئاوە ناچێتەوە نێو کونەمشکێ، کەوابوو، دەگەیشتینە ئاوایی‌یەک کە بتوانین یاریدە لەخەڵکەکەی بخوازین. بەبۆچوونی خۆمانو بەئاراستەی جۆلانی پەڕەکایەکاندا بەرەو نشێو وەڕێ‌کەوتین، بەڵام چی‌وای پێنەچوو کە بە سەختی‌یەکەی ڕا، دیاربوو هەورازە. تێگەیشتین کە چونکە بایەکە بەپێچەوانەی ڕەوتی ئاوەکە دەهات، پەڕەکایەکانیشی پێهەڵابردوونو ئێمە وامانزانیوە بەرەوخوار دەچن !

کاتژمێر١٢ی نیوەڕۆیە، ئیدی بەتەواوی لاوازوگێژو سەرگەردان‌ببووین. شەوی پێش کڕێوەکەش کەم خەوتبووین، بۆ بەیانیەکەشی لەکاتژمێر چوارەوە هەستابووین. گەڕان بەدوای ئەسپەکەداو باربەستنەوەو کێشەی ڕێگاو کوێرەوەریی ٢٤کاتژمێر کڕێوەی توند، کە سەرجەم دەیکردە ٣١ کاتژمێری بی‌پرانەوە، بەبێ خەوو وچان، هێزو گوڕی بەتەواوی لێ‌بڕیبووین. گەڕاینەوە لای خوارێو تارمایی گوندمان لێ‌وەدیارکەوت. لەهێندێک شوێندا، ئاو لەژێر بەفرەکەدا وەستابوو. لاقمان تێدەکەوتو پێڵاوەکانمان پڕببوون لەئاو. نەبی عەجەم کەلەوسەفەرەدا دەگەڵمان بوو، لینگەکەوشێکی لەبەفردا لێ‌ونبوو. بەلاقێکی بێ‌پێڵاویشەوە لەگەڵمان دەسووڕاوە، بەڵام بۆنی هیچ گلەیی‌یەکی لێنەدەهاتو بەوپەڕی خۆڕاگری‌یەوە هاوڕێیەتیی‌دەکردم. ئەو لەسەرئەوبارودۆخەی خۆشی‌ڕا زۆر دەخەمی مندابوو و بستێک لێم دوور نەدەکەوتەوە .

کاتژمێر ١ی دوای نیوەڕۆیە، هەوا کەمێک ڕوونی کرد، ئێمە لە نیزیکەی ٥٠٠میتریی گوند ڕاوەستابووین، کڕێوە لەپشت سەرمانەوە دەهاتو ڕووی دەگوندەکە بوو، کە بەبەرقەدی باسکە شاخێکەوە، پاڵی لێدابۆوەو بێدەنگو بێخەمو بێئاگا لە ڕووداوەکانی دەوروبەری، لەخەوێکی قووڵدانوقوم ببوو. ئاراستەی بایەکە وابوو کە ئەگەر کەسێک بەهەڵکەوت لەگوندەکەدا لەماڵیش‌هاتبادەرێ، نەیدەتوانی بمان‌بینێ. تەپۆڵکەیەکی تاڕادەیەک بەرز، بەتاک لەلای دەستی‌چەپمان هەڵکەوتبوو. دوای وی دۆڵێکی نەدیو لەگوند، بەرەو جەنگەڵەکانی لای ئاڵوەتان هەڵدەکشا. هیوامان وابوو کە بتوانین بەوێدا بگەینە جەنگەڵو لەنێوداراندا ئاورێک بکەینەوەو وچانێک بدەین‌و تاڕادەیەک بحەسێێنەوە. چەندکەسێک لەپێشمەرگەکان، ئیدی بڕستی ڕێگا بڕینی لەوە زیاتریان تێدا نەمابوو. خالید قارەمانی لەزمان کەوتبوو، ڕەحمانە چکۆلی کادری دەرمانیشمان خەریک بوو لەپێ دەپەڕی. سێ‌پێشمەرگەی دیکەشمان، توانایەکی وایا تێدانەمابوو. خالیدمان لەسەر زەوی ڕاکشاندو ئەوچوارەشمان ڕاسپارد کە ئاگایان لێی‌بێ‌و بچن لەگوندی ڕا چەندکەسێک بێنن بۆ بردنەوەی. ئەگەر تووشی پاسدارانیش بوون، بڵێن هاتووین خۆ بەدەستەوەبدەین، بەڵام تووشی کڕێوەبووین. چەکی ئەوپێنجانەمان دەتێری ئەسپەکە نا، چونکە لێ‌یان ببووەبار. ئاوا ماینەوە دەکەس. ئەوجار بڕیارمان دا بچینە پشت تەپۆڵکە بەتاکەکەو پشوویەک بدەین‌و ئەگەر لەناکاو خۆشی کرد، لەگوندڕا دیار نەبین‌و چاوەدێرییەکی دۆخەکەش بکەین. تا گەیشتینە تەپۆڵکەکە، کەمەودای ٢٠٠ میترێک لێمان دووربوو، دوو کەسی دیکەشمان، چەکیان داناو چوونەوە، ئەسپەکە بەدابەزینی خالید، بارەکەی سووک‌ببوو، بەشی هەرەزۆری تێشووی ڕێگاشمان لەتێرەکە دەرێنابوو و خواردبوومان. تەنیا کۆڵەپشتی‌یەکان‌و تفەنگەزیادییەکانمان دەتێرەکەدابوون. لەڕۆیشتنیشدا بۆخۆمان بەنۆرە وەپێشی دسەکەوتین‌و ڕێگامان بۆدەشکاند. ئاوا نەمانهێشتبوو ئەویش لەپێ‌بپەڕێ، چونکە گیانێکی خواشمان بەویوەبوو و بارێکی قورسی لەسەرشانی سووک کردبووین. هەرکەسیش زۆر ماندووەبوو، بۆ حەسانەوەیەک تفەنگەکەی خۆی بەئەسپەکە دەسپارد. تائێستا هیچ هەواڵێکمان لە ڕەفیقانی ڕۆیشتووڕا بۆ نەهاتبۆوە. لە پشت گردەکەش ڕاپێش کاتژمێر سێی‌ئێوارێ، سێ‌کەسی دیکەمان ڕۆیشتن. ماینەوە پێنج‌کەس. چیدی مانەوەمان لەوێ بەبەرژەوەند نەزانی، پەڕینەوە نێو دۆڵەکەی ڕووبەڕووی گردە تاکەکە. لەوێ پاش خواردنی هێندێک خورماو هەڵواو کالباس، هەستاین‌و بەهیوای گەیشتنە جەنگەڵ وەشاخی هەڵگەڕاین، بەڵام چەندی خۆمان ماندووکرد نەمانتوانی لەنیوەی بەرقەدی کۆتایی دۆڵەکە زیاتر بچینە سەر. پاش چەند حەولێکی بێئاکام، پێشمەرگەیەکی خەڵکی شنۆیە، بەناوی محەممەدی زیبایە، لەدەوری سێ‌ونیوی ئێوارێ لەنێو دۆڵەکە بەجێی هێشتین. هەرکەسێکی دەمان‌ناردەوە ڕامان‌دەسپارد بەکەس نەڵێ کەسی دیکەمان لەدەرێ‌ماوە. ئاوا بەمنەوە پێنج کەس ماینەوە .

نەبیعەجەم، پێشمەرگەیەکی تورکی خەڵکی ورمێ بوو. چەند کەسێک لە پێشمەرگەکانی کۆمیتەی شارستان کە قینی شەڕی نەغەدەو کوشتاری بەکۆمەڵی قاڕنێو قەڵاتانیان لەبیرنەدەچۆوە، زۆریان بە قسەیناخۆش‌و لاتاو ئازاردەدا. وایلێهات کە پێش ئەوسەفەرەمان، ڕۆژێکی پێی کوتم: "کاکعەوڵا، ئیدی ناتوانم ئاوا هەڵکەمو بڕیارم داوە بچمەوەو خۆم بدەمەدەست، بەڵام دڵنیابە هەرگیز خەیانەتتان پێناکەم. ئەمن زۆر شازەزای هەڵسوکەوتی بووم. بەتەواوی لێی دڵنیابووم. ئەو هیچ شوێنەوارێک لە ترس‌و بەزین بەڕوخساریەوە دیار نەبوو.  چەندجار دەیپرسی "کاک عەولا چ بکەین؟"  دەم کوت: "ئێوە ئازادن چبکەن، ژیانی خۆتان بەئی منەوە مەبەستنەوە، بەڵام ئەمن حەولی خۆم هەر دەدەم، یا دەردەچم، یا دەمرم" جوابی دەدامەوە: "باشە با پێکەوە بمرین ."!

محەممەدەقەڵەوە، پیاوێکی بەخۆوەو هاوتەمەنیمن‌بوو. ئەو زۆر بەتاقەت‌و خۆڕاگرو زەحمەت کێش‌و کەم چاوەڕوانی بوو. بۆحیزب، خۆی لە هیچ کارێکی سەختی جەستەیی نەدەپاراست. خوێندەواریی نەبوو و خۆی دەباسی سیاسی هەڵنەدەقورتاند. کوردێکی ساف‌و سادەو بێخەوش بوو .

مراد کوڕێکی دەوری ١٧ساڵان بوو. پاش شەهیدبوونی محەممەدی برای، کە سەرلکێکی قارەمان‌بوو، ببووە پێشمەرگە. کوڕێکی لەبەردڵان‌و بەورەو لەسەرەخۆو بێچاوەڕوانییەکی زیادی بوو. کاری خۆی بەڕێک‌وپێکی دەکردو هەرگیز گوێم لێنەبوو لەو سەفەرەدا بۆڵەیەک بکا. زۆری پێخۆشبوو شت‌فێربێ‌و زۆرمان خۆشدەویست .

مەلابرایمی مەجیدپوور، ئەندامی هەیئەتی ئیجرائیی کۆمیتەی پیرانشار، کە کادرێکی بەوەجی کۆمیتەی شارستان و پیاوێکی قسەخۆش بوو.

پاش ڕۆیشتنی محەممەدی زیبایە، چەندجاری دی حەولمان داو تا نیزیکی سەر باسکەشاخەکەی لای چەپی دۆڵەکە  ڕۆیشتین، بەڵام چیدیمان پڕنەکرد. دەوری کاتژمێر پێنجی ئێوارێ هەوا خۆشی کرد، ئێمە تا ئەوکاتە دوایین حەولی خۆمان بۆ وەسەرکەوتن دابوو، بەڵام هیچمان بۆنەکرابوو. ناچار هاتینەوەخوارو لەسیلەیەکی ئەو باسکەی دۆڵەکەڕا کە دەکەوتە لای کونەمشکێ بەماتەماتە چاوێکمان لەئاوایی کرد. کەس بەدەرەوە نەبوو. لەوێ لەنێو بەفرەکەدا چاڵێکمان سازکردو خۆمان تێدا حاشاردا. جارجارەش بەپارێزەوە بەنۆرە چاوەدێریی گوندەکەمان دەکرد. بەفری قورس لای شاخی لێ پڕیبووینەوە، ئیدی هیوامان بە وەسەرکەوتن نەما. بڕیارمان دا تا هەوا تاریک دەبێ، هەرلەوێ خۆمان مات کەین. ئەوجار داپەڕینە خوارەوەی گوندو بەجادەی ئاڵوەتاندا ڕێوڕێ بڕۆین، تادەگەینە دارستانەکەی ڕووبەڕووی ئاڵوەتان‌و لەوێ بیرێکی دیکە لەحاڵی خۆمان بکەینەوە. کاتژمێر شەشی ئێوارێ، دیتمان قەرەباڵغێک لەدێ پەیدابوو، ژمارەیەکی بەرچاو خەڵک بۆلای ئێمە دەهاتن. بەدووربین لێمان ڕوانین.  چەکداریان دەگەڵ دیارنەبوون. وامان زانی خەڵکی ئاواین. محەممەدە قەڵەوە حاڵی لەهەمووممان شڕتربوو. کوتمان "تۆ بەرەو پیریان بچوو، ئەگەر خەڵکی ئاسایی بوون، ئێمە ئاگادارکەوە، ئەگەریش دوژمنیان دەگەڵ بوو، بڵێ هاتووم خۆم بەدەستەوەبدەمو باسی ئێمە مەکە!"  محەممەد بەلاکەلاک وەڕێکەوت. هەرکە گەیشتە خەڵکەکە، تێی‌وەرهاتن، لەوکاتەدا چەند چەکدارێکمان دەگەڵ دیتن. دڵم داخورپا. پێموابوو پێلانێک بوگرتنی ئێمە لەگۆڕێدایە. من، بەرپرسی کومیتەی شارستان بووم، بێجگەلەوەش تائەوکاتە، دەورەیەک ئەندامی جێگری کۆمیتەی ناوەندی بووم، ماوەیەکیش بەرپرسی کۆمیتەی شارستانی پیرانشار بووم، ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی نەهێنیی حیزبم لە نەغەدەو پیرانشار دەناسین. ماوەیەکی زۆریش وەک جێگری کۆمیسیۆنی ماڵی‌و بەرپرسی بەشی ماڵیی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستانی ئێران کارم کردبوو. ماوەیەکیش ئەندامی کۆمیسیۆنی لێکۆڵینەوەی حیزب بووم. بەو هۆیانەوە نەهێنی‌یەکی زۆری حیزبم لەبەردەستدابوو. بەپێی بڕیاری دەوڵەتی کۆماری ئیسلامیش، هەموو ئەندامانی کۆمیتەی مەرکەزی، بڕیاری ئیعدامیان لەسەر بوو. ئەمن لەوکات‌وساتەدا، کوژرانم زۆر بەلاوە گرنگ نەبوو، چونکە ئەگەر ئەوکاتیش نەکوژرابام، پێم وانەبوو، بەودۆخەی تێیدابووین، هیوایەکی ئەوتۆ بە ڕزگاربوونمان هەیە، بەڵام کە چارەنووسی پرکارەساتی شەهید کەماڵی دەبباغیم دەهێناوە بەرچاوم، هەموولەشم دەلەرزی. شەهید کەماڵ، ئەگەر لەبیرم بێ، لەساڵی ١٩٨١ لەکرماشان ڕاپۆرتی لێدراو گیرا. ئەو پاش ئەشکەنجەو ئازارێکی زۆر، ناچارکرا دان پێدانانی تلوێزیۆنی بکاو پاش تۆبە پێکردنێکی بەزۆری‌و کەسایەتی شکێنی‌یەکی قێزەون، گوللەباران کرا. گێرانی منیش، بێجگەلە دانی نەهێنی‌یەکی زۆر بەکۆماری ئیسلامی‌و بەدبەخت کردنی خەڵکێکی زۆر لە پیرانشارو نەغەدە، تێکشکانی کەسایەتی‌و سەرەنجام ئیعدامی بەدوادووە بوو. کۆماری ئیسلامی پاش دامەزرانی، چەند کەسێکی لەبەرپرسانی ساواکی شا کوشتن‌و هێندێکیش بەدەستی ژمارەیەک لەشەریکەئاخوندەکانیان هەڵاتن‌و چوونە ئوڕووپا، بەڵام ڕێکخراوەکەی، هەروەکخۆی هێشترایەوەو بوو بەئیتتیلاعات‌و زۆرشێوەی سەیروسەمەرەی نوێشی لەئەشکەنجەدا داهێنان. لەسەردەمی شادا، کەسێکی سیاسی کە دەگیرا، لەژێر ئەشکەنجەدا دان پیا نانی لێ وەردەگیرا، پاشان دادگایی دەکراو ئەگەر بڕیاری کوشتنی درابا، گوللە باران دەکرا، دەنا چەندساڵ زیندانی بەسەردادەسەپاو ئیدی وەک بەندیی سیاسی دەمایەوەو پاش تەواوبوونی ماوەی حوکمەکەشی بەر دەدراو خەریکی ژیانی خۆی دەبوو، بەڵام ئەوەی کەوتبابەردەستی ئەشکەنجەگەرانی کۆماری ئیسلامی، پاش لێدەرکێشانی زانیارییەکان‌و تۆبە پێکرنێکی ئاپرووبەرانەش، هێشتا کاری تەواونەبوو.

زۆرلەوکەسانە، زۆرجاران بەبیانووی جۆراوجۆر کەوتوونەتەوە بەر ئەشکەنجەو پاشان دادگاییکراونو سزای دیکەیان بەسەرداسەپاوتەوە، زۆرکەس هەبوونە کە پاش تەواوبوونی سزای دیاریکراویش بەرنەدراونو بەدادگاییەکی ڕواڵەتی لەداردراون. ئەوانە هەمووی لەچرکەیەکدا بەمێشکمداهاتن. خێرا دەمانچەکەمدەرێنا، بڕیارمدا ئەگەر زانیم دەگیرێم، خۆبکوژم. دەمانچەکە ئاوێکی زۆری تێچووبوو، چەخماخەکەی کاری نەکرد، حەولمدا تفەنگەکەم سازکەم، ئەویش هەر بەوهۆکارە سوارنەبوو، ناچار بەهەمووهێزمەوە پێلاقەیەکم بەچەخماخەکەیدادا، بەری پێم ژانێکی گورچوو پری تێوەستا، بەڵام تفەنگەکەش سوارنەبوو، ئەویش بەهۆی ئەوتەڕاییەی چووبووەناوی، ببووە پارچەیەک سەهۆڵ. بڕیارم دابوو ئەگەر چەکدارەکان دوژمن بوون پەلامارێکی چاوەڕوان نەکراویان بدەم، تا یا چەکێکم دەستکەوێ یا خۆیانپێبەکوشتدەم. ئەزموونی لەوشێوەیەم لەماوەی پێشمەرگایەتیدا دیبوون. وەبیرمهاتەوە کە لەپیرانشار عەولا سەرلانکێک هەبوو. ئەو لەگەڵ ساواکدا زۆر تێکەڵاو ببوو. بەئاشکرا جاسووسیی بۆدەکردو بەشانازییەوە دەمانچەی دەولەتی لەخۆدەبەست. پاش دەورانی شاش لەگەڵ موقبیلی ناوێکی بەرپرسی ئیتیلاعاتی کۆماری ئیسلامی لەپیرانشار، خۆیڕێکخستبوو. ڕۆژێکی بەهۆکارێکی نادیار، موقبیلی بە سەربازو پاسدارێکی زۆرەوە لەناکاو دێتە گوندی ئەندێزێو گەمارۆی ماڵە کاک عەولا دەدا. ژمارەیەک پاسداریش لەبەر دەرگاو سەردیوارو بانی ماڵی کاک عەولا دادەنێو بۆ خۆی دەچێتە ژوورێو دەمانچە لەسەر کاک عەولا ڕادەگرێو دەیەوێ قۆڵبەستی کا. کاک عەولا هەرچەندی دەپاڕێتەوە، کەلکی نابێو دەزانێ کە هەر بیبەن تازە ناگەڕێتەوە، ناچار لەپڕرا دادێتە دەستی موقبیلیو دەمانچەکەی لێدەستێنێو تەقەی لێدەکاو دەیکوژێ. پاسدارەکان بەوڕووداوە وەهادەتاسێنو نایەنەوە سەرخۆ، تا کاک عەولا دەردەپەڕێو خۆدەگەیەنێتە کەندێکی بەردێو بەرەو ناوچەی بەردەستی پێشمەرگە دادەپەڕێ، وەخۆنایەنەوە. ئەوجار لەهەمووولایەکڕا بەهەموو جۆرە چەکێکو تەنانەت لەپادگانی پەسوێشڕا کە لەدوورایی دەوری ٢ کیلۆمیترەوەدەیڕوانیە سەر گۆرەپانی ڕووداوەکە، بە تۆپوخومپارە(هاوەن) دەست دەکەنبەتەقە، بەڵام وەبەرنایەتو خۆی دەگەیەنێتە پێشمەرگانو دەربازدەبێ !

لەوساتەدا هەموو ئەوانەم لەچەندچرکەیەکدا وەک فیلمێکی ترسناک، هاتنەبەرچاو. دەنگی محەممەدەقەڵەوە وەخۆی هێنامەوە: "کاک عەولا وەرە مەترسێن، خۆمانەن!" ناچار چووینەپێش. ژمارەیەک لە خەڵکەکە بەپیرمانەوە هاتن، وەک برایەکی چەندساڵان لەدووری پێماندانووسان. بەگەرمی دەباوەشیان گرتینو ماچیان کردین. یەکێکیان زۆر بەمێهرەبانییەوە کوتی: "ئێمە پێشمەرگەی پارتین، لەناو دێ دەمێنینەوە، بنکەی پاسدارەکان لەسەر باسکەکانن، نایەنە نێودێ. مەترسێن، هەمووومان تێدابچین نایەڵین موویەک لەسەرتان کەم بێتەوە!". بەوقسانەو بەو پێشوازیو بەخێرهێنانەوە گەرمە، دڵمان هێندێک ئارام بۆوە. زانیمان لانی کەم لەکاتی ئێستادا نیازێکی خراپیان نیە. محەممەدیان لەکۆڵیکرد، چونکە لەپێپەڕیبوو. ئەمنو نەبیو مرادیش ڕەگەڵیان کەوتین. بردیانینە ماڵێک. هەریەکەی دەستێک جلکی خاوێنی کوردییان بۆ هێناین. تفەنگو دەمانچەکەیان لێوەرگرتم. بەوە دڵم تاڕادەیەک ترسا، بەڵام ئەوان کوتیان نیگەران مەبە بۆت خاوێن دەکەینەوەو دەتدەینەوە. ئەمنیان نارده دیوێکی چۆل تا جلکەتەڕەکانم بگۆڕم. جلکە خووساوەکانم دانانو ئی وشکم کردنە بەر. بردیانینە ژوورێکی دیکە. هۆدەیەکی گەورەبوو. کوورەیەکی بەگرفەگرف تێدا دایسا. نەیان هێشت لەکوورەکە نیزیک بینەوە. تەشتێکیان پڕلەئاوی سارد هێنا. گۆرەویو زەنگاڵەکانیان پێ داکەندینو کوتیان: "لاقو دەستتان دەوئاوەی نێن!" ئەوجار وردەوردە ئاوە ساردەکەیان بەتاڵ دەکردو کتری ئاوی کوڵیویان لەسەر کوورەکە هەڵدەگرتو زۆر لەسەرەخۆو وردەوردە دەتەشتەکەیان دەکردو لێکیان دەدا. ئەوە شێوەیەکی زۆر لێزانانە بوو بۆ گەرم کردنەوەی دەستوپێی سەرمابردوومان. پاش خاوبوونەوەی لاقو دەستمان بردیانینە نیزیک کوورەی گەرم. گیانێکمان هاتەوەبەر. دەمانچەکەشمیان بەئیشکیو خاوێنی بۆ هێنامەوە. بەڵام تفەنگەکانیان ڕاگرتبوون. پشوویەکم هاتەوەبەر. هەستم بەحەسانەوە کرد. چاوێکم لە دەستو لاقم کرد. هەرتک قامکی چووکەی لاقم خوێنێکی زۆریان لەتەنیشتیڕا تێچزابوو. دوایە پێیان کوتم: "ئەگەر یەکسەر هێشتبامان بێنە بەرکوورە، لەوانەبوولاقتان سەقەت بێ! " ئەوجار پیاوێکی تاڕادەیەک بەتەمەن هاتەژوور. خۆی ناساند: "بەخێربێن! من مەلاقادرم، بەرپرسی پێشمەرگەکانی ئێرەم. هیچ نیگەران مەبن، پاسدارەکان هەموو بنکەکانیان لەسەر باسکەکانی دەوری ئەو دێیەن. نێودێ تەنیا پێشمەرگەی مەی لێن. ئێوە برانو میوانی ئێمەن. هیچ نیگەران مەبن. بەڵێنتان پێدەدەم ئەگەر تەنیا یەکێکیشمان مابێ، نایەڵین خوێن لە کەپۆی هیچتانبێ. یەکدووڕۆژ میوانمان دەبن تا جوان دەحەسێنەوە. ئەوجار دەتان نێرینەوە بنکەکانی خۆتان. سپەینێش خۆ بشۆنو جلکەکانتان بکەنەوە بەرتان، تا بزانین کەنگێ لەبارە بۆ بەڕێکردنەوەتان. پێشمەرگە هیلاکەکەمان بردە لای دوکتۆری پایەگا. بەداخەوە چی دەگەڵ نەکراو شەهیدبوو. بەپاسدارەکانمان کوتووە ئێوە پێشمەرگەی پارتینو دەکرێوەدا ونبوون". پاشان مەلاقادر منو ئەگەر باش لەبیرم بێ مەلابرایمی بردەوە ژووری خۆیو کوتی: "ئێوە ئەمشەو لێرە دەخەون!" پاشان دەستمان کرد بەقسان. پاش ئەوەی خۆم پێناساند، کوتی: "ببوورن کە زووتر نەهاتینە یاریدەتان! پێشمەرگەکانی ئێوە تاقو لۆق دەهاتن. هەمووش بێچەک بوون. هەرچی دەشهات دەیکوت کەسی دیکەم لەگەڵدا نیە! لەپێشدا پێنج، پاشان دوو و دوو، پاشان یەکو دوای ئەوانیش محەممەدی زیبایە. زانیمان ڕاستی ناڵێن. سوێندمان بۆ محەممەد خوارد کە ناتاندەینە دەستی دوژمن، ئەوجار محەممەد پێیکوتین کە ئێوە چوارکەستانماون، بەڵام بەرپرسەکەیان زۆرکەللەشەقەو

بەهیچ شێوەیەک خۆبەدەستەوەناداو ئەگەر بۆلایان بچن تەقەتان لێدەکەن. ئێمەش کە لەشەڕی براکوژی بێزارین‌و نەماندەویست بەهۆی ڕووداوێکی ئاوا دەستمان بەخوێنی یەکتر سوور بێتەوە، لەسەر ئەوە ساغ بووینەوە کە ڕاوەستین تا ڕۆژ درەنگ دەبێ‌و ئێوە بەتەواوی واتان لێ‌دێ کە دەستتان بۆنەکرێتەوە، ئەوجار هیمدادیتان بۆ بنێرین. ئەوەبوو کە بەودرەنگە هاتین "!

ئەوشەوەم بەدڵەخورپەوە بردەوسەر. دڵم هەر ئۆقرەی نەدەگرت. بڵێی‌ڕاستمان‌دەگەڵبکەن؟ چ دەبێ ئەگەر لە سەرەوەی خۆیان ڕا دەستوورێکی دیکەیان بۆبێ؟ چۆن دەتوانن نافەرمانی بکەن؟ چ دەبێ ئەگەر دەستەڵاتەکە بەتەواوی لەدەستوان دەرچێ؟ چ دەبێ ئەگەر جاسووسێک دزەی‌کردبێتە نێویان‌و ڕاپۆرتمان‌لێ‌بدا؟ ئەوپرسیارانەو هەزاران پرسیاری دیکەی لەوجۆرە، شەوەکەیان لێ کردمە جەهەننەمێکی وا کە سەرەڕای ئەو هەمووماندوویەتییە، بەشی هەرەزۆری‌کات بەدەمانچەی‌ئامادەوە دەجێداڕاکشابووم. کاک‌قادرو پێشمەرگەیەکی دیکەی پارتی، لەگەڵمان دەوژوورەدا بەئارامی خەوتبوون‌و موویان لێ‌نەدەبزووت. ئەوشەوەمان بەهەرجۆرێک بێ تێپەڕکرد. بەیانی‌زوو پێش هەموان هەستامو دموچاوم‌شوشتن. نان‌وچای بەیانیمان خوارد. هەوا ساوبوو. گەرمای گیانبەخشی خۆر کەشێکی دڵڕفێنی دابووەزەوی، بەڵام دڵی من هەر لەخرتوپرتدابوو. لەوبارودۆخە نادیارەدا کە من‌و هاواڵانم گرفتاری ببووین، ژیان هەر تامی تاڵی تێدا بەدی دەکراو هەموو خۆشی‌یەکانیش بۆ من تاڵ‌و ژەهراوی ببوون. وەک ئەوەبوو بەدەستی بەستراو دەقەفەسێکدابم‌و هەردەم چاوەڕوانی کێردی سەربڕ بم. ڕاستە کاک مەلاقادرو هەموو هاواڵانی ڕەفتارێکی زۆر مەردانەو مێهرەبانانەیان هەبوو، بەڵام من هەر لە چارەنووسمان دڵنیانەبووم. دوای نانی بەیانی شوێنی خۆشوشوشتنیان نیشان داین. هەموو خۆمان شوشت. جلکەکانیشمانیشمان شوشتن‌و هەڵمانخستن. هەوا وا خۆشبوو، کەدەتکوت ئەوکڕێوەو باتۆفەی دوێنێ هەر ڕووشی نەداوە. جموجۆڵی نێوگوند هیچ دیاردەیەکی نامۆی پێوەدیارنەبوو. هەموو شتێک ئاسایی دەهاتە بەرچاو، بەڵام من هەر حەجمینم نەبوو، هەمیشە ئاگام لەخۆم بوو و دەمانچەکەم یەک چرکەش لەخۆم دوور نەدەکردەوە. بڕیارم دابووم بەهیچ شێوەیەک بەزیندوویی نەکەومە بەردەستی دوژمن. دوای نانی نیوەڕۆیە، مەلاقادر پێی‌کوتم: "سەرووی خۆمان ئاگادار کردۆتەوە، قەراروایە ئەمشەو کادیرێک لە ڕاژان ڕا بێت، هێندێک قسەتان بۆدەکاو دوایە بەڕێتان‌دەکەینەوە!" ئەوە هێندەی‌دیکەی تووشی‌نیگەرانی‌کردم. ڕووم دە خواڵێخۆشبوو مەلاقادر کردوکوتم: "کاک مەلاقادر! من لەنیازپاکیتاندا هیچ گومانێکم‌نیە، بەڵام دەزانم ئێوە سەربەحیزبێکن، کە بەداخەوە چەندساڵێکە لەگەڵ حیزبەکەی ئێمە لەشەڕێکی براکوژیدایە. باوەڕمبەتەواوی بەبەڵێنەکانتان هەیە. ئێوە ئەوپەڕی پیاوتی‌و مەردایەتیی خۆتان دەرهەق بەئێمە نواندووە. زۆر مەمنوونین‌و ماڵتان هەزار جار ئاوەدان بێ. ئەگەر بمێنم، هەرگیز ئەوەم لەبیرناچێ، بەڵام باش دەزانم ئێوەش هەموو دەستەڵاتتان بە دەستی خۆتان‌نیە. ئەوە هات‌و بڕیاری بەدەستەوەدانمان درا ئێوە چتان پێدەکرێ، یا ئەگەر دوژمن سۆسەی کرد، چتان لەدەست‌دێ؟ ئەمن تەنیا داوایەکم لێتان هەیە. ئەگەر بەهەر هۆکارێک بڕیاری بەدەستەوەدانمان درا، بم کوژن‌و بڵێن پەلاماری داوین‌و کوشتوومانە. با بەزیندوویی نەکەومەبەردەستیان!" خواڵێخۆشبوو مەلا قادر زۆر لەسەرەخۆو بەدڵنیایی‌یەوە کوتی: "کاک عەوڵا! هیچ نیگەران مەبە، دڵنیام سەرکردایەتیمان بەدەستەوەتان نادات! ئەوجار هەر وەک لەسەرەتادا بەڵێنمان پێداون، تا یەک کەسمان بمێنێ نایەڵین موویەک لەسەرتان کەم بێتەوە "!

نانی شەوێمان خوارد، ڕەخت‌وتفەنگەکانیان بۆ هێنایەوە. چەکەکانمان خاوینکردنەوەو ئامادەمان کردن. هەموومان ئامادەو چاوەڕوان دانیشتین. جاری ئاوا، چاوەڕوانی‌و دانیشتن، هەر کاتژمێرێکت لێ دەکاتە شەوو ڕۆژێک‌و وادەزانی کات هەر پڕانەوەی بۆنیە. تا بووبە کاتژمێر١٢ی شەوێ، ئەودنیام بەچاوی خۆم دی! ئەوجار خواڵێخۆشبوو مەلاقادر لەگەڵ خۆیدا بردمیە ژوورێک. پیاوێکی ڕێک‌وپێک دانیشتبوو، پێکیان ناساندین. ناوی مامۆستا حەسەن بوو. کوتیان لەڕاژان ڕا هاتووە. پاش هێندێک دوان‌و گلەیی ڕابردوو لەیەکترو وەڵامدانەوەو ڕوونکردنەوەی پرسیارەکان، کوتی: "کاک مەسعوود نایەوێ شەڕی نێوانمان چیدی درێژەی هەبێ. هەرئێستا دەسەستەیەک پێشمەرگەتان ڕەگەڵ دەخەین، تا لەمەترسی دەرباز دەبن. بەپەنا تۆپخانەی ئێراندا دەچن، بەڵام نیگەران‌مەبن، ئاگادارمان کردوونەوە کە دەستەیەک پێشمەرگە بۆ ئەودیو بەڕێ‌دەکەینەوەو تۆپخانەکە ڕێگری تێپەڕبوونتان نابێ." وەڵامم دایەوە: " سپاستان دەکەمو ئەوچاکەشم هەرگیز لەبیر ناچێتەوە، دڵنیام حیزبەکەی ئێمەش دژی ئەوشەڕەیە، چونکە هەر کوردی پێ ماڵوێران‌دەبێ‌و دوژمنانمان پێ شاددەبن." هەموو شتێک بۆ ڕۆیشتنەکەمان ئامادەکرابوو. دەستەیەک پێشمەرگە ئامادەبوون. ماڵاواییمان خواست‌و وەڕێ‌کەوتین. چۆمێک لەنیزیک تۆپخانەکە لەسەرڕێمان بوو. پێشمەرگەکان نەیانهێشت بۆخۆمان لێی بپەڕینەوە، چونکە بۆ لاقە سەرمابردووەکانمان زیانی هەبوو. هەموومانیان بەکۆڵ پەڕاندینەوە. لەهەورازەکە وەسەرکەوتین، کە گەیشتینە سەر باسکی کێوەکە، ڕێگایان بەرەو دۆڵەتووپێشانداو بۆخۆیان گەڕانەوە. ئێمە بڕێک ڕۆیشتین، بەڵام ترساین دیسان ڕێگامان لێ بشێوێ‌و تووشی کێشە بین، پێشمەرگەیەکمان بەدوای پێشمەرگەکانی پارتیدا ناردەوە، لەسەر چۆمەکەڕا، پێشمەرگەیەکیان بەناوی مستەفا ناوەشتی بۆ ڕێنوێنی بۆ ناردینەوە کە تا دەمانباتە نێو دۆڵەتوێ لەگەڵمان‌بێ. کاک‌مستەفا بەجلکی ئاسای‌و کۆن‌و بەبێ‌چەک وەپێشمان کەوت‌و بردینیە نێوگوند. لەوێ بەشۆڕای گوندەکەمان ئەسپاردو ڕامان‌ئەسپارد بەیانی بەڕیی کەنەوەئەودیو. وامان‌نیشاندا کە لەخەڵکی ئەودیوەو بۆ ڕێنوێنی وەپێشخۆمان داوە، تا

کەس نەزانێ پێشمەرگەی پارتییە، و ڕامان ئەسپاردن کە نابێ کەس بزانێ لەگەڵ ئێمەدا بووە. بەیانی هەستاین‌و نانمان خوارو تەرمی شەهید خالیدمان لەسەر ئەسپەکە دابەستو تفەنگەکانمان دەنێرەکەنا تا دیارنەبێ‌و پاسداران کە لەبنکەی خۆیان لەسەر باسکەکانی دەوری گوند بوون، نەزانن پێشمەرگەین. ئەو گوندە لەسەر سنووری ناوچەی بەردەستی پێشمەرگەبوو و دەمان زانی پێویست ناکا چەکەکانمان بەدەستەوە بن. ئەوەبوو بەیانی پاش تاوهەڵات، وەک خەڵکی گوند بەرەو دەراوی دۆڵەتوو وەڕێکەوتین. ڕێگاکە بەستبووی‌و بە جێ‌سمی وڵاخان قووڵکەقووڵکە ببوو. من تائەوکاتە لەبەر بیرئاڵۆزی‌و دۆخەهەستیارەکەم، هەستم بە باری نالەباری لەشم نەکردبوو. بەری پێم بەسەرما وا تێکچووبوو کە هەرجارەی لاقم لەسەر زەوی دادەنا دەتکوت چەند چەقوویان بۆ دەڕێگاکە چەقاندوومرو ژانێکی زۆر توند دایدەگرتمو خەریک بوو دڵم بوەستێنێ. هەرچۆنێک بوو بەو ئازارو ئەشکەنجەیە ڕێگامان پێوا تا گەیشتینە بنکەی کۆمیتەی سەردەشت لە کونەماری .

بەیاریدەی پێشمەرگەکانی سەردەشت، تەرمی خالیدمان بەشێوەیەکی شیاو ناشتو چوومە دەفتەری سیاسی لە گەورەدێ‌و ڕووداوەکەم بەوردی بۆ گێرانەوە. هەر بەوبۆنەیەشەوە دەفتەری سیاسی بەیاننامەیەکی لەڕادیۆ بڵاوکردەوەو سپاسی ئەوهەڵوێستە جوامێرانەی کرد. بەڵام لەبەر پاراستنی بەرژەوەندیی پارتی، ناوەکەی بەڕەمز هێنان. ئەوە بووبەسەرەتایەک بۆ سەرهەڵدانی ئاشتی‌و دوای ئەو ڕووداوە ئیتر هەرچەند بەشێوەیەکی نافەرمیش‌بێ، ئاشتی لەنێوان هەردووک حیزبی کوردستانی جێگیربووو سەرەتایەکی باش دامەزرا بۆ پێک هاتنەوەیان‌و دامەزرانی دۆستایەتی‌و ئاشتی‌یەکی بەردەوام لەنێوانیان .

ئەمن کە سەرما زۆری کارتێکردبووم بۆ چارەسەر چوومە خەستەخانەی حیزب، کە ئەوکاتی لە کارێزە بوو. سێ‌مانگێکی کێشا تا چاکبوومەوەو چوومەوە بنکەی کاتیی کۆمیتەی شارستان ....

عەبدوڵڵا ئیبراهیمی

٢٠١٢/٦/٣

هەولێر

سەرچاوە: www.peshmergekan.com

2013-11-16

بڵاو کرایەوە